# كتێبی (رۆژنامەی سۆفیەت كوردستان) مۆژدەیەكی تازە... !!! رزگار كۆچەر

لە دوو هەفتەی رابردوو دیارییێكی گرانبەهای هونەرمەند و رۆژنامەنوس كاك فەخرەدین تاهیر كە كتێبێكە بەناوی (رۆژنامەی سۆفیەت كوردستان _بیبلۆگرافیاو شرۆڤە) م پێگەیشت كەلەلایەن دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن چاپ و بڵاو كراوەتەوە، كتێبەكە بە قەوارەیەكی مام ناوندی و بە (157) لاپەرەو بە دیزاینێكی رێك وپێك چاپ كراوەو دیزاین وبەرگ لەلایەن نوسینگەی گۆڤارو تایپ و ئەرشیف و هەلەچن نوسەر خۆی كردوویەتی...

پێرستی كتێبەكە نوسەر لەسەر (8) بەش دابەشی كردووە كە بەم شێوەییە.. پێشەكی، بزافی رۆژنامە گەری كوردی لە هەندەران (1949 _ 2002)، بزافی رۆژنامەگەری كوردی لە هەندەران (راست كردنەو و بەدوا دا چوون)، بزافی رۆژنامەگەری كوردی لە توركیا لە نێوان دوو رییانی ئازادی و تەنكەژەدا، رۆژنامەی سوفیەت كوردستان وموژدەیەك و رۆژنامەی سۆفیەت كوردستان وبەدوا دا چونێك، پێشانگای رۆژنامەگەری كوردی هەندەران لە هەولێر، بزافی رۆژنامەگەری كوردی لە باكوری كوردستان ولە توركیادا....

كاتێك ئەم كتێبە تازەی نوسەر دەخوێنیتەوە هەست بەوە دەكەیت كە نوسەر شەو نخوونی و رەنجێكی زۆری داوە بۆ بەرهەم هێنَانی بەرهەمێكی وا، ئەوەی جێگای دڵخۆشییە نووسەر ئەم خەمە گەورەی ئێمەی رەواندەوە كە خەم خۆرێكی بزافی رۆژنامەگەری كوردی لە هەندەران هەیە چاپەمەنیەكانی كوردی لەوی ئەرشیف دەكات.

ئەوەی شایەنی باسە نوسەر لە پێشەكی كتێبەكەی دا موژدەیەكی دیكەشمان دەداتی كە دوای ئەم بەرهەمە تازەی خۆی بە نیازە بیر لە نوسینەوەی (رابەری رۆژنامەگەری كوردی هەندەران) بكاتەوە كە خۆی زێدەتر لە (700) ناو و نیشان دەدات.. هەر وەك نوسەر باسی لێوە كردوە.

پیرۆزبایی لە برای نوسەر و مێژوی رۆژنامەگەری كوردی كوردستان و هەندەران و كتێبخانەی هەزارانەی كورد دەكەم خۆزیا كتێبی (رابەری رۆژنامەگەری كوردی هەندەران) یەكەشی دەكەونە بەردەست ودیدی ئارەزوو مەندانی بزافی رۆژنامە گەری كوردی...